**کردهای ایران**

ئەم کتێبە کۆمەڵەی هەندێک وێنەی فۆتۆگرافی شاز و نایابە، نەسروڵڵا کەسرائیان لە شوێن و شار و گوندی جیاجیای رۆژهەڵاتی کوردستان کێشاونی و هەر لە ماکۆ وە تا مەهاباد و سنە و کرماشان و باوە یادگار. وێنەکان لەوپەڕی رازاوەییدان و لەژێر هەرکامێکیان بە فارسی و ئینگلیزی شەرحێکی روون نووسراوە.
بەشی بۆکان لەم کتێبەدا زۆر نییە و تەنیا دوو وێنە دەگرێتەوە (ژمارە ٥٩ و ٦٠). یەکەمیان وێنەیەکی شاری بۆکانە کە دوو پیاو بە جل و بەرگی کوردیەوە لە بەرزایی دانیشتوون و بەدەم قسەکردنەوە دەڕواننە مەنزەرەی شار. دووهەمیش وێنەیەکە لە "شەممە بازار" واتە بازاری حەیوان فرۆشتنی بۆکان.
جگە لەو دوو وێنەیە، هەندێک وێنەی دیکە هەن کە لە دەور و بەری سەقز و تیکاب و ماین بڵاغ و مەهاباد هەڵگیراون و بە شێوەیەک، هەمان کولتوور و جل و بەرگی ناوچەی دەور و بەری بۆکان دەگرنەوە.

کردهای ایران،عکس : نصراللە کسرائیان، متن و شرح عکسها : زیبا عەرشی، ترجمە انگلیسی : مینو علیان، ناشر : نصراللە کسرائیان، تهران، چاپ اول، تابستان ١٣٧٢ (فارسی)، کۆمەڵەی ١٢٧ وێنە.